# راگەیاندنی (پەیوەندی كوردی دژی جینۆساید)سەبارەت بە ناردنی هێزی كوردی بۆ ناوچە عەرەبییەكان

بەپێ ی لێدوانی دەسەلاتدارانی كوردستان و بەرپرسە سەربازیەكان، بریارە لە پەیوەند بە پلانی ئەمنی و كۆنترۆلكردنی شاری بەغداد و لە بەین بردنی تیرۆر 4 لیوای سەربازی سوپای عێراق كە سەرجەم سەربازو دەرەجەدارەكانی كوردن رەوانەی شاری بەغداد بكرێن.جەماوەری كورد لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەدا نارەزایەتیەكی توندوبەرفراوانیان هەیە، دەسەلاتدارانی كوردستانیش بۆ كپ كردن و لاوازكردنی دەنگ و جولەی نارەزایەتی جەماوەر بیانووی ئەوە دەهێننەوە كە هێزی پێشمەرگە ناچێت و ئەوە لیوای سەربازی حكومەتی عێراقە.

بۆ ئێمەوە و جەماوەری كورد چ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بێت یان چەند لیوایەک كە سەرجەم سەربازەكانی كورد بن یەک شتن، و ئەویش ناردن و بەكوشت دانی تاكی كوردە لە شەرێكدا كە هیچ پەیوەندیەكی بەوانەوە نیە. لەهەمووی خەتەرناكتر ئەم هەنگاوە دەبیتە هۆكارێك بۆ یەكدەست كردنی بزووتنەوەی ناسیونال-فاشستی عەرەبی وئەم كارە دەكەنە دەستمایەیەک بۆ زیادكردنی دەمارگیری ورق ئەستوریان لەبەرابەر كورد و بانگەواز بۆ تەكفیركردن و حەلالكردنی خوێنی كوردو هەولدان بۆ دروستكردنی شەری قەومی سەرباری شەرێكی تائیفی كە رۆژبەرۆژ لە پەرەسەندندایە. هەموومان ئەو هەولانەمان لە بیرە كە لە شەری فەلوجەدا ئەو ڕەوتانە دایان لە رێگای میدیا جیهانیەكانیانەوە تا كورد وەک لایەنێكی تێوەگلاوی ئەو شەرەی بە دنیا بناسێنن.

ئێمە لە رێگای ئەم راگەیاندنەوە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ هەولی جەماوەری كوردستان و ئەولایەنانە رادەگەیەنین كە بە دژی پلانی ناردنی هێزی كوردین بۆ ناوەراست و خواروی عێراق . هەروەها داوا لە دەسەلاتدارانی كوردستان دەكەین بەدەم نارەزایاتی جەماوەرەوە بێن و هۆشیار بن لە مەترسی سیاسی و ئینسانی كارێكی لەو جۆرە و هیچ هێزێک رەوانەی ناوچە عەرەبی یەكان نەكەن.

پەیوەندی كوردی دژی جینۆساید

11ی ژانیوەی2007

www.paiwandi.com